# هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆماری ئێران دەستپێکرد و لە هەرێمی کوردستان بەڵاوەدەچێت



ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆماری ئێران دەستپێکرد و عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێران سەرلەبەریانی دەنگیدا.

مەحموودزادە نوێنەری ئێران لەسلەمانی ڕایگەیاند، کە بەشداری هاووڵاتیان و گەشتیارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە هەرێمی کوردستانن لە هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆماری وڵاتەکە فەراهەمکراوە و لە پارێزگاکانی سلەمانی، کەرکووک و هەڵەبجە سندوقی دەنگدان دانراون و لە کاتژمێر 8:30ی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ناوەندەکانی دەنگدان دەکرێنەوە و تا کاتژمێر 5:00 بەردەوام دەبن.